www.kurdistannet.org

21-9-2007 19:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی سایتی یەکگرتوو، نووسەر و ڕۆژنامەنووسان لەسەر سایتی یەکگرتوو دەدوێن

**ڕاو سەرنجی چەند نووسەرێک لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی هەشت ساڵ تەمەنی سایتی یەکگرتوو ... ئا. محمەد بەرزنجی-سوید**

هەموو جیهان بە هۆی تۆری ئینتەرنێتەوە وەك گوندێکی بچوکی لێهاتووەو، دەزگاو میدیای کوردیش لەم ساڵانەی دوایی توانی ڕۆڵێکی بەرچاو بگێرێت لەتەکنۆلۆجیای سەردەم، بە هۆی تۆرەکانی ئینتەرنێتەوە، سایتی یەکگرتووش یەکێکە لەو سایتە کوردییانە کە ماوەی هەشت ساڵە لە خزمەت کردنی بەردەوام دایە لە میدیای ئەلکترونیدا، وە پرنسیپ و ئەدەبیاتی کاری ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنی نەبەزاندووەو هیچ بابەت و نووسینێکی تەشهیرو سوکایەتی و ناوزراندن لە هەناوی ئەم سایتە ووجودی نەبووە، بە پێویستمان زانی بە هۆی داگیرساندنی مۆمی هەشت ساڵەی سایتی یەکگرتوو رای نووسەران و خوێنەرانی بزانین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی سایتەکە لە رێی پێشنیارو تێبینیەکانیان، کە رۆژی 1999/9/14 هاتۆتە دامەزراندن.

سەرەتا خوشکە (کەوسەر ئیسماعیل) خوێندکاری ماستەر لە بواری زمانناسی لە سوید بەم شێوەیە رای خۆی خستە ڕوو:

سەرەتا پیرۆزباییەکی گەرم لە خۆمان و سەرجەم کارمەندانی ماندوو نەناسانی ئەم سایتە دەکەم و سوپاسی ئەرك و ماندووبوونیان دەکەم و بەتایبەتی کە ئەم سایتە بۆ ئێمەی یەککرتوو لە هەندەران خەم رەوێنی دووره ووڵاتیمانە.

لە رووی دیزاینەکەوە بەراستی لە ئاستی پێویستدا نی یە ئومێدەوارم لە دیزاینی داهاتوو رەچاوی سەرنج و سایکۆلوجی خوێنەر بکرێت و لەگەڵ بینینی مۆرکی گەشبینی و دڵ کرانەوەی پێوە بێت.

نیگەتیف بوون حاڵەتێکی رێژەییە و بێ گومان ئاماژە کردنم بەم لایەنە مانای خراپی سایتەکە ناگەیەنیت بەڵکو ئەمە مۆرکێکی ئاساییە لەو کەم وکورتیەی کە هەموومان وەکو ئادەمیزاد هەمانە.

سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەو بیش بردنی سایتەکە ئەم پێشنیارانەم هەیە:

-1زیاتر بەهێزکردنی شێوازی نووسینی هەواڵەکان و روونی لە ئەدەبیاتی دارشتنیاندا.

-2کارکردن لەسەر کەمکردنەوەی هەڵەی نووسینەکان، کەبەراستی هەندێك جار لەبەر قرتان یان هەڵەی نووسینەکە مەبەستی نووسراوەکە روون نابیت ّ !!

-3پابەند نەبوون بە تەنها خستنە رووی مەسەلە و کێشە گرنگەکان، بەڵکو پێویستە بخرێنە ژێر شی کردنەوەو قووڵ بوونەوەی زیاتر لەو کێشانە لەکاتی بڵاوکردنەوەیان و دەرخستنی راو سەرنج تیایاندا.

من رام وایە کە ماڵپەرەکە تاکو ئێستا نەیتوانیوە بە ئاستی پێویست دەنگ و رەنگ و مافی تەواوی یەکگرتوو بدات وەکو حیزبێکی ئیسلامی کوردستانی میانەڕەو و خاوەن پەیام و ستراتیژیەت و چاکسازی گشتگیر، بۆیە ئەگەر ماڵپەرەکە بە تەواوی بتوانێت چەمکەکانی یەکگرتوو بخاتە روو، ئەوا بە شێوەیەکی ئوتۆماتیکی جێگەی رەنگ و دەنگەکانی تریش دەبێتەوە، چونکە کارنامەی یەکگرتوو خۆی لە خۆیدا گشتگیرەو چ لە چۆنێتی و چ لە چەندایەتی.

پاشان نووسەر (خالید عەلی فەرەج) لە سوید وتی:

سوپاس بۆ بەسەر کردنەوەکەتان و هیوادام هەمیشە سەرکەوتوو بن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

21-9-2007 19:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

پیرۆزبایی ساڵیادی ماڵپەرە گرنگ و خۆشەویستەکەتان لێ دەکەم کە یەکێکە لەو سایتە گرنگ و بەهێزانەی کە شوێنی خۆی گرتووە، ڕۆژانە و بۆ بینینی هەواڵ و زانیاری بەبێ ئەو سایتە بۆشاییەك سەرهەڵدەدا کە تەنها سایتەکە خۆی دەتوانێت ڵری بکاتەوە.
بوونی هەواڵی جۆراو جۆر و لەکاتی خۆیدا زیاتر سەرنج ڕاکێش دەبن و کە ئەمەش لە سایتی یەکگرتوودا دەبینرێت، هیوادارم سەرکەوتووتر بێت.
بوونی ئەو ڕەنگە گونجاوانەی کە لە پێکهاتەی ڕەنگی قاوەیی پێکهاتووە، مۆرکێکی تایبەتی داوە بە سایتەکە کە مانایەکی پڕاوپڕی یەکگرتووی ئیسلامی دەبەخشێ و ئەوەش شانازی بەخۆوە کردنە کە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە دیوە جوانەکانی سایتەکە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من وەك خۆم لە ماڵپەڕەکە ڕازیم و ئەو کاتەی کە ئینتەرنێت بکەمەوە سەردانی دەکەم.
هەروەها وەرگێرو نوسەر (وەهاب شا محمەد) بەرپرسی بەشێك لە دەزگای کۆچ و پەنابەران لە شاری مالمۆ وتی :
برایانی ئازیز سلاو: بە بۆنەی تێپەربوونی هەشت ساڵ بە سەر ماڵپەرەکەتان جوانترین پیرۆزبایتان لێدەکەم، دیارە بوونی ماڵپەرێکی تایبەت بۆ یەکگرتوو کارێکی باشە چونکە دەکرێت لە ڕێگای ماڵپەرەکەوە زۆر لە کارو هەڵوێستەکانی یەکگرتووی ئیسلامی تیا ببینرێت، بوونی سایتێکی لەم جۆرە نەك تەنها بۆ ئەندامان و لایەنگرانی یەکگرتوو گرنگە بەڵکو بۆ هەموو خوێنەرێکی کورد، چی وەك چاودێرێك یان وەك کەسایەتیەکی سیاسیی و سەربەخۆ ئاگای لە هەموو ڕووداو چالاکیەکانی یەکگرتوو بێت، ئەمرۆ لەبەر رەوشی سیاسیی جیهان و ناوچەکەو کوردستان، هێزە ئیسلامیە لیبرالەکانی وەکو یەکگرتوو کارێکی زۆر قورسیان لە ئەستۆیە بۆ پیشاندانی رەنگی ڕاستەقینەی ئیسلام و ئاین بۆ خەڵکانی ناوەوەو دەرەوەی جیهانی ئیسلام، ئەو بۆچوونە ترسناکانە نەمێنێت بەرامبەر لایەنە ئیسلامیەکان.
ئەوەی جێی خۆشحاڵیە کە لە هەشت ساڵی رابردوو ماڵپەرەکەتان مینبەرێکی توندی ئاینی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرگای کراوە بووە بۆ زۆر بۆچوونی جۆراو جۆر کە لە وانەیە لەگەڵ سیاسەتەکانی خۆشتان نەگونجێت، زۆر گرنگە کە بوێرانە گوێ لە هەموو بۆچوونەکان بگیردرێت، چونکە تەنها رێگایە کە دەکرێت کێشە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگای پێ چارەسەر بکرێت، بەهەر حاڵ دەستان خۆش بێت بۆ ئەم ماڵپەرە جوانەو هیوای سەرکەوتنی باشترتان بۆ دەخوازم.
سەبارەت بە سەردانم بۆ ماڵپەرەکەتان بێ گوومان وەك چاودێرێك زۆر جار تەماشای ماڵپەرەکەتان دەکەم، بۆ جۆری هەواڵەکان زۆر گرنگە جۆراوجۆر بێت، کوردستان بەشێکە لە جیهان، زۆر گرنگە خوێنەری کورد بە ئاگا بێت لە ڕووداوەکانی جیهان چونکە ئەوەی بێ ئاگا بێت لەو ڕووداوانە ناتوانێت کێشەکانی ناوەوەو دەرەوەی سنورەکانی چارەسەر بکات، زۆربەی زۆری ماڵپەرە کوردیەکان کێشەیان لە جوانی و باشی دیسایەنەکانیان هەیە، دیارە ئەمە زۆر ئاساییە چونکە ئێمەی کورد لەبەر نەبوونی خەڵکی پیشەیی لە بواری (ئایتی) تاوکو ئێستا نەمانتوانیوە بگەینە ئاستێکی زۆرچاك، بەهەرحاڵ ئیستاش باشە بەڵام دەکرێت باشتر بکرێت.
باشترین کار بۆ پێشخستنی ماڵپەرەکەتان رێگادانە بە هەموو بۆچوون و کەسایەتیەکان کە راو بۆچوونی خۆیان لە ماڵپەرەکە بلاو بکەنەوە، مەبەستم ئەوە نیە رێگا بە شتی خراپی دەرەوەی پرنسیپە ئینسانیەکان بدرێت، بەڵکو زیاتر بۆچوونە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاشان برای نووسەر (ئەحمەد تازەدێی) لە سوید بەم جۆرە هاتە ئاخافتن:
سەرەتا پیرۆزبای هەشتەمین ساڵیادی سایتەکەتان لێدەکەم و چەپکێ گوڵی بۆنخۆشی ڕەنگاو ڕەنگ ڕەوانەی یەکە بەیەکەی بەڕێوبەرانو ئەندامان و نوسەران و خوێنەرانی ئەم سایتە خۆشەویستە دەکەم، هیوادارم ڕەوتی بەرەو پێشچونی بەرهەمە جوانەکانتان هەردەم لە برەودا بێت، بۆ خزمەت کردنی میللەتی کوردی چەوساوەو ئاینی پیرۆزی ئیسلام. ئەگەرچی سایتی kurdiu. org سەر بە یەکگرتووی ئیسلامیە، واتا سایتێکی حزبییە، بەڵام خوێنەرێکی زۆر ڕۆژانە سەردانی ئەم ماڵپەڕە ئازیزە دەکەن، بۆیە بە شێوەیەکی کاراو بەرچاو توانراوە سەنگی قورسی خۆی لەنێو خوێنەرانی دەرەوەو ناوەوە بە هەمیشەیی ڕاگرێت، من ٌڕۆژانە چەند جارێك بۆ هەواڵ و ڕوداوەکانی جیهانی و کوردستانی سەردانی ئەم سایتە دەکەم و هەروەها ووتارو بابەتە گرنگەکانی دەخوێنمەوە، بەبڕوای من ئەگەر بتوانن ساڵێك جارێك گۆڕنکاری لە ڕەنگ و ڕوخسارو چۆنێتی دروستکردنی سایتەکە بکرێت ئەوە باشەو جوانتری دەکات، هەرچەندە ڕەنگ و ڕوخسار هۆکاری بەرەو پێشچونی سایتەکە نییە، چونکە چەندین ماڵپەڕی ڕەنگ جوانی ئەلکترۆنی هەیە، تەنها جنێوو تەشهیرو نەبێت، بەرهەمی بەسود بڵاو ناکەنەوە. هەروەها پێشنیارم بۆ بەڕێوبەرانی ئەم سایتە خۆشەویستە ئەوەیە کە زیاتر برەو بە کێشە کۆمەڵایەتێکان بدەن، بەتایبەتی کوشتنی ژنان، وەك دەزانین لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕۆژانە کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرز بونەوەدایە چی لە ناوخۆی کوردستان یان لەجیهانی دەرەوە بە تایبەت لە ئەوروپا، وە هیوادارم وێنەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەگەورەیی بڵاوی بکەنەوە.
لەگەڵ هیوای سەرکەوتن.
دوا بەدوای ئەوە (کەمال ڕەوف) لە سوید وتی:
سوپاس و دەستخۆشی گەرمان هەیە بۆ بەڕێزان لە ماڵپەڕی یەکگرتوو، پیرۆزبایی ساڵیادی ماڵپەرەکەتان لێدەکەین، خوازیارین لە ڕۆی چۆنێتیەوە زیاترو زۆرتر بەرەو پێش بچێت،
پێشنیار دەکەین کار بۆ ئەم خالانە بکرێت:
"زیاتر بلاو کردنەوەی هەواڵە گرنگ و ناوخۆیەکان کە گەرماو گەرم بکەویتە بەر دیدی خوێنەران.
"ئەگەر بکرێت بەشێك لە کتێب و نامیلەکە گرنگەکان بخرێتە نێو سایتەکە.
"میکانزمێك بدۆزرێتەوە بۆ زەقکردنەوەو خستنە رووی ناونیشانی بابەتەکان ئێستا تەنها لە ژێر ناونیشانی وتارەکان خۆی دەبینێتەوە ئەمەش وا دەکات خوێنەر کەمتر بابەتەکان بەسەر بکاتەوە.
"بەشی هونەرو سرود جێی خۆیەتی سەنگ و قورسایی هەبێت لە مالپەرەکەدا.
"هەر کەسێك بابەتی بۆ ناردن تکایە گەرماو گەرم وەڵامی بدەنەوەو دوایی دەستخۆشی و سوپاسکردن پێی بلێن شیاوی بلاوکردنەوەیە یان نا.
لە کۆتاییدا دەست خۆشی چەپکە گوڵی پێزانین بۆ ئیوەی ماندو نەناس.
هەروەها نووسەر (نالی پێنجوێنی) لە وڵاتی سویسرا وتی:
سوپاس بۆ بە سەرکردنەوەتان، فەرموون بۆ ئەم سەرنجانەی خوارەوە:
1. پیرۆزبایی داگیرساندنی هەشتەمین مۆمی تەمەنی سایتەکەتان دەکەم، دەستی ماندووتان دەگوشم، هیوای سە رکە وتن و بە رە ڵێشچوونتان بۆ دە خوازم.
2. بە ڵێ، من ڕۆژانە سەردانی ماڵپەڕی یەکگرتوو دەکەم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3. هەر هەواڵێکی گرنگ ناوخۆیی بێت، یان جیهانی، گرنگی پێبدرێت باشە، بە تایبە ت هەواڵە کوردستانییەکان. بە داخە وە هە ندێ هە واڵی دە زگاو لێپرساوانی حکومەت بڵاودەکەنەوە نە گرنگن و نە پەیوەندیشان بە ماڵپە ڕەکەوە هەیە.

4. دیزاینی ماڵپەڕەکە خراپ نییە، بەڵام گەر بکرێ نووسینە ئینگلیزییەکە لە ناو ئارمەکەدا بێت، ووك کوردی و عەرەبییەکە جوانترە.

5. پێم وایە ماڵپەڕەکە لە ڕووی زمانە وە زۆر لاوازە، هەم لە ڕووی دەستەواژە و هەم ڕێنووس و ڕێزمانەوە، بۆیە پێویستە گرنگی بەو بوارە بدریت و کەسی شارەزاو پسپۆر کاری تێدابکات.

6. گرنگی زیاتر بە بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە بدات.

شادو سە رکە وتووبن.

پاشان (هیشام ئاکرێیی) بەرپرسی سایتی دەنگی سەربەخۆ وتی :

بە هۆی کاری رۆژنامەوانیەوە هەفتەی 4 جار سەردانی ماڵپەرەکەتان دەکەم، پێم باشە ئەگەر بتوانن هەواڵەکانی ناخۆی کوردستان بڵاو بکەنەوە بە تایبەت ئەوانەی میدیاکانی دەسەڵاتداران سانسۆری دەکەن، دیزاینی ماڵپەرەکەم پێ خراپ نیە و هەروەها پێویستە زاراوەی کرمانجی بە پیتە لاتینیەکان زیاد بکرێت، بەرای من ماڵپەری یەکگرتوو تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە هەموو رایەکانی بیری ئیسلامی بگرێتەوە، ئەوە جگە لە بیروراکانی تری ناو گۆرەپانی سیاسیی لە کوردستاندا، پشتگوێ خستنی زاراوەی کرمانجی و پیتەکانی لاتینی لای مالپەری یەکگرتوو خاڵێکی ترە کە پێویستە یەکگرتوو بیری لێ کاتەوە و.

هەروەها نووسەر (موحسین جوامێر) لە سوید بەم شێوەیە دووا:

هیوامە سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بێت ماڵپەرەکەتان، وە رۆژ نیە سەردانی نەکەم، پێم باشە هەواڵەکان هەمە جۆر بن، بەڵام هەواڵی کوردستان زۆر تایبەت بێت، هەروەها گومان لەوەدا نیە کە هەر سایتێك ناوە ناوە پێویستی بە گۆرانە، بەردەوام لە گۆریندا بێت و بەردەوام بابەت و دەنگوباس بڵاو بکرێتەوە، من وەك خوێنەرێك، دڵم لەو ماڵپەرە دەگوشرێت کە درەنگ دێتە گۆرین. وەك لایەنێکی حیزبی ماڵپەری یەکگرتوو، ئەمەیان مافی خۆیەتی کە کەسایەتی خۆی تێدا رەنگ بداتەوە.. بەڵام پێشم وایە کراوەیە بەسەر بۆچوونەکانی تریشدا.

(م. حەسەن پێنجوینی) نووسەرو بانگخواز لە ئوستورالیا بەم چەند دێرە ماڵپەڕی یەکگرتووی بەسەرکردەوە:

من کە رۆژانە سەردانی ئەم سایتە دەکەم دەبینم کە سایتی یەکگرتوو هێڵێکی راستی گرتۆتە بەرو داکۆکی لە مافەکانی میللەتی کورد دەکات، جا ئەو مافانە چ ئایینی یان نیشتیمانی بن، ئەم رێچکەیەش رێچکەیەکە کە زۆر لە سایتەکان لە بەر چاویان نەگرتووە، جا بە بۆچوونی من پارێزگاری کردن لەم رێرەوە زامنی سەرکەوتنی ئەم سایتەیە.. وە پێم باشە کە سایتەکە بەردەوام هەواڵەکانی هەمەرەنگ بن و بایەخی زیاتر بە هەواڵی کوردستانی و ئیسلامیی بدات...

سەبارەت بە دیزاینەکەشییەوە... دیزاینەکە بێ گرفتە و دوورە لە ئاڵۆزی و زۆر بە ئاسانی دەکرێتەوە چونکە لە هەندێ ماڵپەردا دەبێ بە DSL)) یشەوە چەند دەقیقەیەك چاوەڕوانی بکەیت تا دەکرێتەوە... بەشەکانی راپۆرت و دیدار و بانگەواز دابنرێن باشە، ئەمەش بە پەیامنێری باش و لێهاتوو ئەنجام دەدرێن...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

21-9-2007 19:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لە کۆتایی دا دەڵێم کە راستە سایتی یەکگرتوو سایتێکی حیزبییە بەڵام بەرامبەرەکەی دەخوێنێتەوە،
ئەمەش گەر ئەمرۆ دانی پێدا نەنرێت ئەوە لە دوارۆژدا مێژوو شایەتی بۆ دەدات..
لەگەڵ داوای سەرکەوتن و بەرەو پێشوەچووند .... ا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.